## . کۆبوونەوەی بۆردی ڕاوێژکاری وەزارەتی مافی مرۆڤ




**کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی رۆژی 2007/6/27**
**بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ وەبەئامادەبوونی ڕێکخراوەکانی کارا لەبواری مافی مافی مرۆڤ کە ئەندامن لە بۆردی ڕاوێژکاری کۆبوونەوەی ئاسایی بۆردی ڕاوێژکاری بەسترا .**

**سەرەتا لەلایەن بەڕێز وەزیری مافی مرۆڤ باس لەدیاردەی توونـد و تیژی دژی ژنان کراو بەڕێزیان ئاماژەیان بەوەدا کە لیژنەیەکی تایبەت پێك هاتووە بەفەرمانی سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران و وەزیری مافی مرۆڤ سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە دەکات کە بریتی یە لە بەدواداچوونی کارەکانی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی لە دژی ژنان بکرێت .**
**هەر لە کۆبونەوەی بۆردەکە بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت درا بە دیراسە کردن و دانانی پلانی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی کە لە چەند ڕێکخراوی ئەندامی بۆردەکە پێك هاتبوو .**
**هەروەها لەکۆبوونەوەی بۆردەکە باس لە ڕەوشی مافی مرۆڤ و ڕەوشی ناو بەندیخانەکان و یاسای لێبوردنی گشتی وژمارەی ئەو بەندانەی کە ئازاد کراون و چاککردنی ڕەوشی ناو بەندیخانەکان و بایەخی ئەو لێبوردنە نرخێندرا لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە .**
**و هەروەها باس لە لیژنەی بەدواداچوونی بۆردی ڕاوێژکاری کرا و ڕا پۆرتی لیژنەکانی بۆردی ڕاویژکاری خوێندرایەوە**

.

**هەر لە کۆبونەوەکەداباس لە رەوشی مافی مندالآن کرا و باس لەسەر مندالآنی کارکەر کراو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و پێشنیار کرا کە سەرنج و پێشنیاری رێکخراوەکان لەسەر رەوشی منالآن پێشکەشی بە وەزارەت بکەن.**

**هەروەها باس لە راپۆرتی رێکخراوی ئەمنستی ئینتەر ناشنالْ کرا کە باس لە رەوشی مافی مرۆڤ لە جیهان و عێراق و کوردستان کرا بە تایبەتی وە راپۆرتەکە بە راپۆرتێکی باش و واقیعیانە هەڵسەنگێنرا لەسەر کوردستان.**